



# یاسای سزای عێراقی هانی کوشتنی مرۆڤ دەدات

لێکۆڵەری دادی/ حەمید موستەفا بلباس

بێگومان هەر کەسێك لە ئێمەی مرۆڤ لە سەر رووی ئەم زەمینە هەوڵدەدات یاسا لە وڵاتەکەی بەرقەرار بێت، بە ئومێدی پاراستنی سەر و ماڵی هاووڵاتییان. چونکە تەنها یاسا سەرچاوەی ئەم ترووسکاییەی ژیانە کە بتوانێت رێرەوەکان رووناك بکاتەوە و بەرەو هەڵدێر نەچن و ببێت بە گۆچانی چاوی نابینایان. بەڵام لە وڵاتەکەی ئێمەدا بە ناشوکری ناڵێم یاساکانیشمان هاندەرن بۆ توندوتیژی تا سەرەنجام پشتی بکوژان دەگرێت، و جێگەی خۆشکردنی تاوانەکەشی بۆ ئەنجام دەدات. رەنگە خوێنەرانی ئازیز بڵێن بەخوا کاکی برا بوختان بە یاسا دەکەی! بەڵام ئازیزان من پێتان رادەگەینم و دەستتان دەگرم تا دەتانبەمە سەر ماددەی(٤٠٧) لە یاسای سزای عێراقی ژمارە(١١١) بۆ ساڵی ١٩٦٩ کە دەڵێت ( **يعاقب بالسجن مدة لاتزيد على عشر سنين أو بالحبس مدة لاتقل عن سنة للام التي تقتل طفلها حديث الولادة اتقاء للعار اذا كانت حملت به سفاحا**) واتە( سزا دەدرێت بە بەند کردنی زیاتر نەبێت لە دەساڵ و کەمتر نەبێت لە ساڵێك کاتێ دایکێك منداڵێکی تازە بووی خۆی دەکوژێت لەبەر ئابڕوونەچوونی کاتێ سکی پڕ کراوە لە رێگەی زیناوە) بەڕێزان توخوا گەر بە وردی سەرنج نەدەن؟ من وردبینییەك لە سەر تەنها ئەم ماددە قێزەونە دەکەم با بزانین تا چ رادەیەك ئەم ماددەیە تاوانبارە:

١. ئایا خوێنی کوشتنی ئادەمیزادێك سزاکەی١–١٠ ساڵە ؟

٢. لە ماددەکەدا وشەی(دایك) بەرچاو دەکرێت ئایا سکێك لە رێگەی ناشەرعی دروست بێت، دەبێت چ دایکێك پەروەردەی ئەم نەوەیە بکات و چی لێ دەردەچێت؟

٣.لە ماددەکەدا دەرکەوتووە هەر ئافرەتێك زینای کرد و سکی بوو دەڵێت برۆ منداڵەکە بکوژە تا ئابڕووت نەچێت.

٤. زۆر باشە ماددەی بەرێز گەر لە خەمی ئافرەتدا ماوی و دەتەوێت ئابڕووت نەچێت بۆ سزای بەسەردا دەسەپێنی و بە رۆژی رووناك لە ماڵی باوکی دەریدەهێنی و دەیخەیتە بەندیخانە، ئایا ئەمە ئابڕووچوونی نییە.

٥. دوو کەس، داوێنپیسی و تاوان دەکەن منداڵێکی بەستەزمان گوناهی چی یە و بۆ دەیکوژن؟

٦.ئایا ئەم ماددە بە زۆر بە روونی هاوار ناکات و ناڵێت ئەی چینی ئافرەتان برۆن زینا بکەن و ئەمەش خۆنەجاتدانە لە تاوانەکە، کە سەرەنجام کوشتنی مرۆڤە؟!

٧. ئایا ئەم ماددە چەڵەنگە تاوانبار ناکرێت بە ماددەیەك لە ماددەکانی یاسای سزاکان واتە تاوانبارە بە هەڵنان بۆ تاوان (التحريض).

بەرێزان بڕواتان هەبێت، گەلێکجار پەراوێکی لێکۆڵینەوە کە زیاتر لە ٢٠٠ لاپەڕ دەبێت وردبینی دەکەم تەنها خاڵێکی کەموکوڕی تیایدا بەدی ناکەم، بەڵام تەنها لە ماددەی(٤٠٧) ئەم حەوت خاڵەم دەست نیشانکرد جگە لەوانەی کە چاوپۆشیم لێکردن، لە بەر خاتری یاساکە.

لە کۆتایی دەرئەنجامی وردەبینییەکەم دەخەمە روو ئەویش:

١.تا زووە با دەستەی دارشتنی یاسایی بیر لە گۆڕینی ئەم ماددەیەکە بکات و چیتر خوێنی ئادەمیزادی بێتاوان بەهەدەر نەڕوات.

٢. داوا لە ئەندامانی داواکاری گشتی دەکەم با داوایەك بەرز بکەنەوە لە سەر ئەم ماددەیە بۆ ئەوەی ماوەیەکی زۆر لە بەندیخانەی محەتە بەند بکرێت، بۆ ئەوەی وەکو ئافرەتە زیناکەرەکە ئابڕووی نەچێت!!



rawezhgovar@yahoo.com